السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# خوای گەورە لە هەموو شتێکی شەهید خۆش دەبێت جگە لە قەرز نەبێت

لە عبداللەی کوری عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە لە هەموو شتێکی شەهید خۆش دەبێت جگە لە قەرز نەبێت»، لە گێڕانەوەیەکی تریدا: «کوژران لە پێناو خوای گەورە هۆکاری لێخۆشبوونە لە هەموو شتێک جگە لە قەرز نەبێت».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

واتای فەرموودەکە: شەهیدبوون لە پێناو خوای گەورە هۆکارە بۆ لێخۆشبوون لە هەموو تاوانە بچووک وگەورەکان، جگە لە قەرز نەبێت، شەهیدبوون نابێتە هۆی لێخۆشبوون لە قەرز لەبەرئەوەی مافی بوونەوەرەکانە لە پارە وسامان، وچونکە ماڵ وسامان خۆشەویستترین شتە لە لایان، وجگە لە قەرزیش ئەو تاوانانەی تر دەگرێتەوە کە دەرهەق بە مرۆڤەکان کراوە وەکو دزی کردن وخیانەت کردن وزەوتکردن -داگیرکردن- وفێڵکردن، جیهاد وشەهیدبوون لە پێناو خوای گەورە وکردەوە چاکەکانی تر نابنە هۆی لێخۆشبوون لە مافەکانی پەیوەست بە مرۆڤەکان بەڵکو تەنها لێخۆشبوون بۆ ئەو تاوانانەیە کە مافی خوای گەورەیە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3589

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee